دەزگای ئاسایشی هەرێم دەستگیرکردنی باندێکی گەڕان بەدوای شوێنەوار ڕادەگەیەنێت

ASAISH
ASAISH
ئاسایش

دەزگای ئاسایشی هەرێم دەستگیرکردنی باندێکی گەڕان بەدوای شوێنەوار ڕاگەیاند.

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی سلێمانی ڕایگەیاند، "بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ڕۆژئاوای سلێمانی بەهەماهەنگی هێزەکانی کۆماندەی کوردستان، پێنج کەسیان دەستگیرکرد که کاریان لەسەر گەڕان بەدوای شوێنەوار دەکرد".

هاتووەش، هێزەکانی ئاسایش دوای چاودێریکردن و بەدواداچوون، بە بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوە لەڕۆژی (23ـی ئابی 2023) بەهاوکاری هێزەکانی کۆماندەی کوردستان، لەناحیەی (قادرکەرەم)ی سنوری قەزای چەمچەماڵ، باندێکی پێنج کەسیان دەستگیرکرد و دەست گیرا بەسەر چەندین پارچە ئامێری پشکنین و گەڕان و دۆزینەوەی شوێنەوار.

لەئێستادا بەماددەی 42ـی شوێنەوار تۆمەتباران ڕاگیراون و لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکانیان بەردەوامە.